# "ناوەندێتیی دیموکراسیی" نا، ئەدی چی!؟

زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوە رامیارییانەی کە تا ئێستا باسیان لە دیموکراسیی کردووە یان خۆیان بە بەشێک لە بزاڤی کۆمۆنیستیی زانیووە.. پەیڕەوی پرانسیپی "ناوەندێتیی دیموکراسیی"یان کردووە .. بۆ ئەوەی ژیانی نێوخۆی حیزب و کار و چالاکییەکانی سەرکردایەتیی و تەواوی ئەندامان و یەکە ڕێکخراوییەکانیان پێ ڕێکبخەن کە پێکدێ لە ناوەندێکی بەهێز و بڕیاردەر بۆ یەکێتیبوونی حیزب و گونجاندنی بە چەمکی دیموکراسیی و ڕەفتارپێکردنی.. تا هەر ئەندامێک بە پێی توانا و سەنگایی خۆی و لە جێی شیاوی خۆی بەشداریی دارشتنی رامیاریی حیزب بکا و ئەرک و چالاکییەکانی تێدا ئەنجام بدا و مافەکانی خۆشی تێدا وەدەستبهێنێ، بەو پێیەی کە ئەو پرانسیپە کۆمەڵێک ڕێسای وەک "سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، یەکێتیی هزر و رامیاریی و ڕێکخراوبوون، ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن، ملکەچی کەمینە بۆ زۆرینە، ئازادیی گفتوگۆ و رادەربڕین، و چەندانیتر" ی هەیە حیزب لە هەردوو دیاردەی لیبرالیی و دیکتاتۆریی دەپارێزێ و دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کاری ڕێکخراوبوون و چالاکییەکانی حیزب جێبەجێ بکا.

دیارە "ناوەندێتیی دیموکراسیی" لە گۆڕەپانی رامیارییدا بەبێ بوونی دەزگەیەکی وەک حیزب ڕەفتارپێکردن و جێبەجێکردنێکی لەباری بۆ نارەخسێ و حیزب و حیزبایەتیش بەبێ ئەو وەک سەنگەرێکی بێ قەڵایە.. بۆیە شایانی هێندە لەسەروەستان نییە.. هەر ئەوەندە نەبێ بگوترێ کە وەک ڕێوشوێنێکی ساختەکاریی نێو حیزب جگە لەوەی دیاردەیەکی ناسروشتیی پەرەسەندن و بەرەوپێشەوەچوونی رامیارییە لە رووی ڕێکخراوەییشەوە لەسەر بنچینەیەکی بابەتیی و زانستییانە دروست نەبووە بۆیە ناتوانێ لە هەڵسوکەوتپێکردنی پەیوەندییە ڕێکخراوییەکان لە ڕەخساندنی بارودۆخی لەبار و ئافەریدەکردنی ووزە و تواناکان و بەکارهێنانیان دەرئەنجامێکی پوخت بۆ ڕەوتپێگرتنی ڕێکخراوبوون و بە کۆمەڵایەتییکردنی ڕێکخستن بێنێتەدی و دیسان بە خستنەکاری دەرەنجامەکان لە چەندبارەکردنەوەی پرۆسێسەکان بە بەردەوامیی بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێ.. بەڵکە بە پێچەوانە زیندانێک بۆ ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوەییانە دروستدەکا کە دەرکەکانی لەسەرپشت بن بەڵام بە شوورەیەکی پتەو چواردەوریان گیرابێ ، هەڵبەتە ئەو ڕەفتارەشی هەروا خۆبەخۆ دروست نەبووە بەڵکە لە ئەنجامی سروشتی پێکهاتەکەی سەرچاوەی گرتووە.. کە لە بەزۆر بەیەکەوەلکانی دوو دەستەواژەی کۆمەڵایەتیی سەر بە دوو بۆچوونی جوایزی نێو دوو کەلتووری سەرمایەداریی پێکهاتووە کە لە رووە ناوەندێتییەکەی واتای فەرمانرەوایی تاکرەویی و لە رووە دیموکراسییەکەشی واتای سەپاندنی رایە ڕێبۆخۆشکراوەکانی زۆرینە دەگەیەنێ .. ئەو دووەش لە ڕەفتارکردندا ناتوانن ببنە تەواوکەری یەکدی و تەنانەت پێکەوەش هەڵناکەن و لە فەرهەنگی کۆمۆنیستییش جێگایان نابێتەوە.. چونکە کاری کۆمۆنیستیی کارێکی هاوبەش و بە کۆمەڵە و سەرەتا و بەر لە هەر شتێک بەشێوەیەکی زانستییانە پشت بە بابەتیبوونی رایەکان دەبەستێ ئەوجا تێڕوانینی خودیی و چەندایەتیی رایەکان.

هەرچەندە کۆمۆنیستەکان "ناوەندێتیی دیموکراسیی "یان وەک پرانسیپێکی گشتگیر بە ڕێگەچارەی هەموو گرفت و قەیرانێکی حیزب و حیزبایەتیی دەزانی.. بەڵام مێژوو دەرەنجامەکانی ئەو دەستەواژە نامۆیەی بە راشکاویی وەدەرخست کە نەک هەر ئەوەی بۆ نەکرا بەڵکە هەروەک ئاشکرایە خودی خۆی بووە کۆشکی کۆنترۆڵی نێو تەلاری حیزب کە تا پتر بۆ لووتکەکەی بڕۆی پتر پەیڕەوکردنی دیکتاتۆریی لێ وەدیدەکەی.. یان راستتر بڵێین بە واتای ووشە "حیزب"ی کردە "حیزب!" کە تێیدا بە بەرەواژیی و بە شێوەیەکی رووکەشانە جۆری هەڵسوکەوتی حیزبایەتیی و شێوە ڕێکخراوبوونێکی نەشیاو و نامۆی بە رامیارییکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان هێنایە ئارا.

هەر لەژێر ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە هزری نوێی کۆمۆنیستیی "ناوەندێتیی دیموکراسیی" وەک پرانسیپێکی نادروست رەت دەکاتەوە و بە شێوێنەری خەباتی چینایەتیی و ڕێکخراوبوونی و پێشێلکەری هەموو جۆرە ئازادییەک و قوولکەرەوەی بیرۆکراسیی و دیکتاتۆریی دەزانێ.. نەک لەجێی ئەو بەڵکە بەبێ ئەوەی پێویستی بە پرانسیپێکی لەو بابەتە هەبێ بۆ ڕێکخراوبوونی خۆی شێوەی ( دەستەبەندیی کۆمەڵایەتیی ) دەکاتە بنچینەی کار و چالاکییەکانی خۆی.. کە شێوازێکی رەسەنی بزووتنی کۆمۆنیستییە و گشت کەسێک دەتوانێ بەوپەڕی ئازادیی و پڕ بە پێستی خۆی ووزە و تواناکانی خۆی تێدا بخاتەگەر، دەستەبەندیی کۆمەڵایەتیی هەر خودی واتا ناوەکییەکەی خۆی شێوازی هەڵسووڕێنەر و پێکهاتەی خۆیەتی و.. سەرجەمی هۆیەکانی بوون و جۆر و ڕێکخستنی بزووتنیشی بۆ جێبەجێکردنی کار و چالاکییەکان و بەکارهێنانی دەرەنجامەکانی زادەی هەستانەسەرپێ و دەستبەکاربوونی خۆیەتی کە لەسەر بنچینەنەی بنەما سەرەکییەکانی چەمکی کۆمۆنەیی سەرچاوەی گرتووە، بۆیە جۆری هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی نێوخۆشی لەسەر هەمان بنچینە خۆی ڕێکدەخا و بەڕێوەدەچێ .. بەپێی ڕەوشتی شێوازە کۆمۆنەییەکەشی سەرلەبەری ئەندامانی بەبێ هاوێرکردن هەریەکەی کارێکی مادیی بۆ ژیان و گوزەران ئەنجام دەدا - کارێک دژەمرۆیی نەبێ و زیان بە هزری کۆمۆنیستیی و بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان نەگەیەنێ - ، تێکڕای ئەندامانی دەستەبەندییەکانیش بە پێچەوانەی ئەندامێتیی لە حیزبە کۆمۆنیستیی و کرێکارییەکانی بزاڤی کۆمۆنیستیی رابردوو.. لە مافەکانی ڕێکخراوبوون و مافەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەتایبەتیش لە رووی مادییەوە یەکسانن.



دارا ئەحمەد
dara@emrro.com

# ئارایشت بپارێزە



خانمی بەڕێز بۆ ئەوەی لە کاتی گەرمای هاوین دا ئارایشت تێک نەچێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە، تکایە باشتروایە ئەو ڕێنوێنیانە لەبەرچاو بگرێت:

1- کرێمی گونجاو هەڵبژێرە، ئەگەر پێستت وشکە، ئەو کرێمانە بەکرا بهێنە کە ڤیتامین C تیدایە.

2- ماسکارەی دژە ئاو بەکاربهێنە، چونکە ماسکارەی ئاسایی بە دڵۆپە ئاوێک ئارایشەکەت لێ تێک دەدات.

3- باشتروایە بۆ ڕۆشن کردنی سیمات کرێمی ڕۆندار بەکار نەهێنێ و پۆدرە بەکاربهێنی.

4- ڕەنگی کاڵ بەکاربهێنە، چونکە ڕەنگی تۆخ بەرگەی گەرما ناگرێ و مەترسی داچۆڕانی لێ دەکرێ، بۆیە هەوڵبدە گونجان لەنێوان ڕەنگی پێست و لێودا هەبێ.

5- هەوڵبدە تیشکی خۆر راستەوخۆ لە دەموچاوت نەدات، باشتروایە چەتر بەکار بهێنێ یان سێبەر لەسەر دەموچاوت دروست بکەیت.

6- ئەگەر گەرما تینی بۆ هێنایت و هەستت کرد ئارەقەت کردوە، بە کلینکسی وشک یان پارچە قوماشێکی نەرم زۆر بە هێواشی شوێنی ئارەقەکەت بتەکێنە.

سورگوڵ

# کارکردنی ژنان یەکسانی و وەکهەڤی بۆ کۆمەڵ دەگێڕێتەوە

لە کۆمەڵی فرە چین دا، دژایەتیکردن لە گەڵ ژن بە شێوەی جۆرواجۆر بەڕێوە دەچێ. بەرچاوترینیان ئەو توندوتیژیانەیە کە ڕۆژانە گوێ بیستیان دەبین. ڕۆژانە کچ و ژن دەکرێتە ئامانج، دەستدرێژی دەکرێتەسەر، دەسوتێندری و دەچەوسێندرێتەوەو بازرگانی پێوە دەکرێ. هەر جیاوازی کردن بە هۆی ڕەگەزەوە خۆی لەخۆیدا ئەو ستەمەیە کە لە دەستەڵاتی پیاوسالاری و کۆمەڵی فرەچین دا درێژەی پێدەدرێ.

ئەگەر بڵێین چەندین سەدەیە کە ژنان لە نێو بنەماڵەو هۆزو نەتەوەکانیانەوە دەچەوسێندرێنەوە، دەگەینە ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە بەردەوام یەخەی مرۆڤایەتیان گرتووە.

ڕەفتارکردن لەگەڵ ژنان بە شێوازی توندوتیژی و سوکایەتی پێکردن خۆی لەخۆیدا ستەمێکی گەورەیەو کێشەیەکی گەورەی دەروونیشی لێدەکەوێتەوە. کار هەر بەوەندەشەوە نەوەستاوە، ئێستا لەنێو هەندێ کۆمەڵی بەناو پێشکەوتوودا باندو مافیای بازرگانیکردن بە ژنانەوە دروست بوونەو درێژە بە کارەکانیان دەدەن، تەنانەت بەکارهێنانی ئافرەت لە نواندنی فیلمە سێکسیەکان و ریکلام پێکردنیان بەشێک لەو بازرگانی پێکردنە ئاشکرا دەکات و سیستەمەکانیش ئاوڕی لێنادەنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە دامەزراندنی شوێنی لەشفرۆشی، کە خۆی لە کڕین و فرۆشتنی سێکس و پەرەدان بە بازاڕی سەرمایەداریدا دەبینێتەوە، هێندەی دیکە ستەم و نابەرابەری و جیاوازیی لە نێوان ژن و پیاو دا دروست کردووە، ئەگەر لەشفرۆشی تەنیا بەشێکی بچوکی مەرگەسات و ژێردەستەبوونی ژنان لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا پێشان بدات، ئەوە خۆی لەخۆیدا ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو جیاوازیەیە کە سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمی هێناوەو درێژەی پێدەدات. بەوهۆیەوە دەکرێ بگوترێ کە زوڵم و ستەمی سەر ژنان بەهەموو شێوازەکانیەوە لە پێکهاتنی کۆمەڵی چینایەتیدا ڕۆڵی خۆی بینوە، چونکە لە کۆمەڵی سەرەتاییدا، ژن وەبەر شاڵاوی توندوتیژی نەدەکەوت، ئەگەر لە هەمو بوارەکانیشەوە لەگەڵ پیاودا یەکسان نەبووبێ، دەکرێ بڵێین کە مافی خۆی هەبوە، ڕێی نەداوە لەلایەن پیاویشەوە بچەوسێندرێتەوە. هەڵبەت گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤایەتی و دامەزراندنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابوری شکلێکی دیکەی بە نایەکسانی و جیاوازی کردن داوە. سیستەمێکی پیاوسالاری لێکەوتۆتەوە، ژنی کردوەتە دیلی دەستی پیاو. ئەو کۆیلەو دیلایەتیەش لەلایەن خێزان و بنەماڵەو هۆز و تیرەکانەوە بەرفراوانتر کراوەتەوە و جێگەی گرتووە. ئەگەر خێزان و بنەماڵە لە سەر بنەمای پێویستییێکی ئابوری و دابەشکردنی کارەوە پێکهاتبێ، دەکرێ بڵێین لەو کاتەوە چینایەتی و خاوەنداریێتی تایبەت سەری هەڵداوە. لەسەر ئەو بنەمایەش یاساکانی پیاوسالاری دارێژراون.

دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی ژن لەنێو ماڵ بۆ بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کارەکانی خێزان، هەروەها سەرپشککردنی پیاو بۆ دابین کردنی بژێو و سپاردنی کاری دەرەوە، بەهەنگاوی یەکەم بۆ دابەشبونی کۆمەڵ بە سەر دوو چینی سەرەکی دەگەڕێتەوە.

ئەو دابەشکردنەش، گیرفانی تایبەت و ئابوری سەربەخۆی ژنی نەهێشت، ئیدی ژن کەوتە ژێر دەستی ئەوەی بژێوی ڕۆژانەی بۆ مسۆگەر و پەیدا دەکات. بەوهۆیەشەوە، ژن ناچار بوو کە دەستەڵاتی پیاو پەسند بکات و ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بێت.

نەبونی سەربەخۆیی ئابوری و چاو لە دەست بونی پیاو و مانەوە لە کونجی ماڵدا، ژنی ناچار کرد کە مادەلایی و خۆشخزمەتی و لاواندنەوە بۆ پیاو بکات و هەوڵ بدات سەرنجی پیاو بەلای خۆیەوە رابکێشێ و بیر لە خۆ جوانکردن و هونەرەکانی سەرجێی و خەوتن و راکشان بکاتەوە.

کاتێک پیاو بوو بە خاوەن گیرفان و ئابوری سەربەخۆ، بیری لە قازانج و بەرژەوەندی زیاتر کردەوەو بەرەو خۆپەرستی و تاکڕەوی ڕۆیشت و حەزی فەرمانڕەوایی و دەستەڵاتداریتی لەلا گەورەتربوو. ئێستاش چینی دەستەڵاتدار بە ئابوری و بەرهەمهێنان و سەرمایە کۆکردنەوە گرێدراوەو ئامادە نیە یەکسانی و وەکهەڤی بگێڕێتەوە، ئەمەش کۆمەڵێکی فرە چینی دروست کردوە. هەربۆیەش لەڕێگەی جۆرواجۆری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە چینی سەردەست درێژە بە قوڵکردنەوەی جیاوازیەکان دەدات و هەوڵی پاراستی دەستەڵاتی خۆی دەدات.

ئەو خۆگرێدانەی چینی سەرمایەدار بە کورسی دەستەڵات کۆمەڵی چینایەتی پڕاوپڕ لە کێشەو دووبەرەکی و ناڕەزایی کردووە. دەستەڵاتدارو چینی سەرمایەداریش بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناڕازییان هێزو چەک بەکار دەهێنن، ئیدی کۆمەڵی چینایەتی ڕوو لەشەڕو ئاژاوەو کوشتار و خوێنڕشتن دەکاتەوە. لەوکاتەشدا ژن لە پێش هەموانەوە دوچاری ستەم و زوڵملێکردن دەبێتەوە.

ئەو ڕەوشەش وا لە ژن دەخوازێ کە بیر لە ئازادی و یەکسانی و وەکهەڤی بکاتەوە، چونکە وەدەستهێنانی مافەکانی ژن و بنڕکردنی زوڵم و ستەم کۆتایی بە چینایەتی دەهێنێ و کۆمەڵێکی وەکهەڤ بەرهەم دەهێنێ. لەو سۆنگەیەشەوە ناچار دەبێ دەست بە تێکۆشان بکات و ڕووبەڕووی زۆردار و ستەمکارو سەرمایەداران بوەستێتەوە.

ژن بۆ ئەوەی یەکسانی مسۆگەر بکات. دەبێ ڕێبەرایەتی تێکۆشانی چینایەتی بکات و سەرنجی هەژارو ستەمدیدەو زوڵملێکراوانی کۆمەڵەکەی بەلای خۆیەوە رابکێشێ. بەر لەهەموو شتێکدا ئەو کولتورە کۆنەپارێزە هەڵتەکێنێ کە ڕێگریان لە یەکسانی و وەکهەڤی نێوان ژن و پیاو کردوە.

ئەگەر ژن نیوەی کۆمەڵ پێکدەهێنێ، بێگومان دەتوانێ ململانێ لەگەڵ دابونەرێت و کولتوری کۆنەپاریزی بکات، دەبێ بۆ خۆی هەنگاوی کردەویی و ژیرانە هەڵبگرێتەوە، خۆی لە خورافات و ئەفسانەو باوەڕبوون بە جادوگەری و سیحر رزگار بکات. ئەوسا بیر لە کارکردن و بەرهەمهێنان و ئابوری سەربەخۆ بکاتەوەو شیانی خۆی پێشانی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ بدات، چونکە بەکارکردن لانیکەم دەتوانێ بازاڕی لەشفرۆشی و بازرگانی کردن بە ژن دابخات. ئەو کاتە پیاو لە سەرەڕۆیی و خۆ بەزلزانین دادەبەزێ و ناچار دەبێ کە ژن بلاوێنێتەوەو خۆشخزمەتی بۆ بکات.

پەروین فەیزوڵڵا
نیسانی 2009

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز:
ڕێکار ئەحمەد
سەرنووسەر:
حوسێن حەسەن
ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:
07501191497
ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:
07504471631

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی رزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی رزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن 07501179846

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن 07701325080

ئۆفیسی رانیە
شەقامی نالی،
تەنیشت گەراجی عەباس
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن 07501163805